**وەزارەتی کارەبا**

**بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ وە ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٢٣١) لە ٢٠٢١/١٢/٢٠ بڕیارماندابە:

١- گۆڕینی نرخی یەکەی کارەبا پۆلی میری لە خشتەی ژمارە (٥)ی پاشکۆی ژمارە (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا لە (١٨٠) دینارەوە بۆ (٨٠) دینار بۆ هەریەک (kwh).

٢- ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/١ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئەندازیار / کمال محمد صالح**
**وەزیری کارەبا**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە : ٢٥٠ لە ٢٠٢١/١/٤**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە یاسای تەندروستی گشتی و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم** : درێژکردنەوەی وادەی وەرگرتنی ڤاکسین لە لایەن گشت فەرمانبەرانی حکومەت بە هەر دوو ڕاژەی شارستانی و سەربازی تا ٢٠٢٢/١/٢٠ بە پێچەوانەوە بەپێی یاسای تەندروستی گشتی و بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**دووەم**: ئەنجامدانی پشکنینی کۆرۆنا لە خالە سنورییەکان بۆ هەموو گەشتیاران ئەگەر کارتی ڤاکسینیشیان هەبێت جگە لەوانەی کە تێستی کۆرۆنایان پێش (٤٨) کاتژمێر ئەنجام دابێت ئەوا پێویست ناکات دووبارە پشکنینیان بۆیان بکرێت.

**سێیەم**: لیژنەی باڵا بڕیاریدا وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکە کارگێرییەکان ڕێنمایی تایبەت لەسەر بابەتی پرسەدانان لە ڕۆژانی داهاتوو دەربکات.

**چوارەم**: گروپی گەشتیاری دەبێت پێش (٤٨) کاتژمێر لە گەشتیان تێستی کۆرۆنایان ئەنجامدا بێت یان کارتی ڤاکسینیان هەبێت.

**پێنجەم**: پێویستە گشت هاوڵاتیان (ئەوانەی ڤاکسینیان وەرگرتووە یان وەرنەگرتووە) لە هەموو شوێنە گشتیە داخراوەکان وەك (فەرمانگە حکومیەکان، مارکێت، ریستورانت، شوێنە بازرگانیەکان، کومپانیاکان و شوێنەکانی تری کەرتی تایبەت) پابەندبن بە بەستنی ماسك و مەودای (١،٥) مەتری نێوانیان بپارێزن.

**شەشەم**: لە دوای ٢٠٢٢/٢/١ هیچ کەسێك ڕێگەی پێ نادرێت سەردانی شوێنە گشتیەکان بکات وەك (فەرمانگە حکومیەکان، مارکێت، ریستورانت، شوێنە بازرگانیەکان، کۆمپانیاکان و هۆڵی بۆنەکان) بەبێ هەبوونی کارتی ڤاکسین یان ئەنجامدانی تێستی کۆرۆنا کە (٤٨) کاتژمێر بەسەرنەچووبێت.

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**